کوردستان ... وەزیری سامانی سروشتیەکان داوای پاراستنی کەرتی وزەی هەرەم دەکات

وەزارەتی سامانی سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئیدانەی هێرشکانی سەر کۆگەی نەوتییەکانی قەزای زاخۆ و شێخانی سەر بە پارێزگای دهۆکی کرد و داوای پاراستنی کەرتی وزەی هەرەم دەکات.

لە بەیاننامەیەکی وەزارەتەکەدا هاتووە: سەرلەبەیانی ئەمڕۆ کۆگەی نەوتییەکانی تاوکە و پێشابور و عەین سەفنی لە قەزای زاخۆ و شێخانی پارێزگای دهۆك شایەتحاڵی هێرشی تیرۆریستی بوون، راشیگەیاند: هیچ زیانێکی گیانی نەبووە، بەڵام ژێرخانی کۆگەکان زیانێکی زۆریان بەرکەوتووە.

هەروەك وەزارەتی سامانی سروشتیەکان، ئیدانەی ئەم هێرشە تیرۆریستیانەی دەکات، کە ئامانجیان تێکدانی ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان و مەترسی لەسەر سەلامەتی فەرمانبەرانی خزمەتی مەدەنی لە کەرتی وزەدا هەیە.

لە بەیاننامەکەدا وەزارەتی سامانی سروشتیەکان، داوای لە سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی فیدراڵی و کەمەگەی نێودەوڵەتی کردووە ڕوشوێنی بەپەلە بگرنەبەر بۆ پاراستنی گیانی فەرمانبەرانی خزمەتی مەدەنی و بەردەوامبوونی ئاسایشی وزە و جێگیرکردن لە هێرشی زیاتر بۆ سەر کەرتی وزە لە کوردستان.

وەزارەتەکە دووپاتیکردەوە: هەموو هەوڵێك دەدات بۆ پاراستنی ژیانی کرێکارانی کەرتی وزە و پێگەی

ستراتیژی خۆی لە دەستبەرکردنی سەقامگیری وزە لە ناوچەکە و جیهاندا.